# سودانی چەند ڕاسپاردەیەک ئاڕاستەی دەستپاکی دەکات لەبارەی پێشێلکانی خانەنشینان و مامەڵەی قوربانیانی تیرۆر

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، دەستەی دەستپاکی ڕاسپارد بە یەکلاکردنەوەی لێکۆڵینەوە لە پشێلکارییەکانی پێشێلکانی خانەنشینان و حاڵەتەکانی ساختەکردن لە مامەڵەی قوربانیانی دەستی تیرۆر

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی ئاژانسی موتەبەع کەوتووە تیایدا هاتووە"لەچوارچێوەی بەدواداچوونی ڕاستەوخۆی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، بە کارکردن لەسەر یەکلاکردنەوەی سەرجەم ئەو دەسیانەی کە پێشکێش بە دەستەی دەستپاکی کراون، سەرۆک وەزیران فەرمانی یەکلاییکردنەوەی دەسیەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە کۆنترۆڵ نەکردنی دەستەی خانەنشینی نیشتمانی و بەشێک لە مووچەی خانەنشینان و مردووەکان، و وەرنەگرتنەوەی ئەو پێشینانەی کە لەسەر هەندێک لە خانەنشینانە و حاڵەتەکانی بەڕێکردنی ئەو مامەڵانەی قوربانیانی دەستی تیرۆر کە ساختەیان تێدا دەکرێت.

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جەختی لەوە کردەوە کە زۆر پێویستە سامانی گشتی بپارێزرێت و چاوپێشی لە هیچ حاڵەتێکی ساختەکاری و سەرپێچی نەکرێت، کە ببێتە هۆی بەفیڕدانی سامانی گشتی یان پێدانی بەو کەسانەی کە بە پێی یاسا شایستە نین، ئەمەش دەبێتە هۆی بەبەشکردنی سوودمەندان لە مافەکانیان.

سودانی ڕەنمایەکانی پەشووی خۆی بە لایەنە پەیوەندیدارەکان دووپاتکردەوە، بە پڵەکردن لە گرتنەبەری ژمارەیەک ڕەوشوەن بە باشترکردنی پرسی ڕەکخستن و یاسایی دابەشکردنی مووچەی خانەنشینان لەوانە ئامادەکردنی داتابەیسی بایەمەتری، و ئەنجامدانی پرسی پەداچوونەوە بە گرەبەستەکانی خزمەتگوزاری پارەدانی ئەلیکترۆنی، و گرتنەبەری میکانیزمەکی ورد و پراکتیکی بە سەلماندنی ئەوەی کە خانەنشینان لە ژیاندا ماون، و بەدواداچوون بە وەرگرتنەوەی ئەو پەشینە و مووچانەی کە بە کەسانێک دراون شایستەی نین، و جێختکردنەوە لەسەر جبەجێکردنی ڕەوشوەنە یاساییەکان بەشێوەیەکی تەواو دژی ئەو کەسانەی کە بە لەکەینەوە سەلمەنراوە دەستیان هەبووە لە هەر پەشەلکارییەک یان بەهەدردانی سامانی گشتی.